# له کۆتایی ئومەتەکەمدا خەڵکانێک دەبن شتانێک بۆ ئێوە دەگێڕێنەوە کە ئێوە وباوباپیرانتان نەتان بیستووە ؛ بۆیە ئاگاداریان بن

له ئه‌بی هوره‌یره‌وه -ڕه‌زای خوای لێبێت- كه پێغه‌مبه‌ری خودا -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «له کۆتایی ئومەتەکەمدا خەڵکانێک دەبن شتانێک بۆ ئێوە دەگێڕێنەوە کە ئێوە وباوباپیرانتان نەتان بیستووە ؛ بۆیە ئاگاداریان بن».

[سه‌حیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە لەکۆتایی ئومەتەکەیدا خەڵکانێك پەیدا دەبن کە درۆ هەڵدەبەستن، وشتی وا دەڵێن کە هیچ یەکێك لەپێش ئەوان نەیوتووە، فەرموودەی درۆ وداهێنراو دەگێڕنەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێمان کرد کە لێیان دوور بکەوینەوە و لەگەڵیان دانەنیشین، وهەروەها گوێ نەگرین بۆ فەرموودەکانیان ؛ نەوەك فەرموودە هەڵبەستراوەکانیان جێگیر بن لە دڵماندا، و بەئاسانی نەتوانین ڕزگارمان بێت لێیان.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65076